# کاتێ فریادڕەس داوای هاوکاری دەکات !



ئاکۆ ئاکۆیی

چ بزانم
لەو پەڕی تینوێتیم
تووشی کانیاوێ دەبم
ئەو داوای قوڕگ تەڕکردن لە من دەکات .
لەو پەڕی شەکەتیم تووشی درەختێ دەبم
ئەو داوای سایەم لێ دەکات .

کاتێ مرۆڤ لەو پەڕی ناڕەحەتی دەروونی و رۆحی و بیرو شەکەتی جەستەیی کە دەبنە ئاریشەو زۆربەی جار ئەنجامی رەشبینی و نا ئومێدی لێ دەکەوێتەوە ، بۆ رزگاربوون هەموو ئەو رێگایانەی لە هەوڵ و هێزی خۆی دان بە دیوارێکی کۆنکریتی بڵند کۆتایی دێت ، بیر لە رێگایەکی تر دەکاتەوە کە لە هەوڵ و هێزی دەرەوەی خۆی دان و دواهەمین رێگاشە لەبەردەمی لەو گەردەلوولەی رزگاری بکات، ئەویش پەنا بردنە بەر (فریادڕەس) بۆ بە هانا هاتنی .

لەچیرۆکە ئەفسانەییەکان، فریادڕەس هەمیشە بوونی هەبووەو بە هانای کەسەکانەوە چووەو دووجۆر بە هانا چوون بووە، یەکێکیان سیمرخ ئاسا چنگی لێ گیرکردووە و لە نێو گـــڕو دووکەڵ و شەپۆلەکانی دەریا دەریهێناوەو رزگاری کردووە، ئەوەی تریشیان تەنیا کۆلکەدارێکی بۆ فڕێ دەداو دەبوایە خۆی هەوڵ بدات دەستی لێ گیربکات و بەو ئومێدەی وەختێك شەپۆلەکان فڕێی بدەنە دەم کەنار، ئەمە لە سەردەمێك بوو کە مرۆڤەکان پەیان بە هێزو تواناو بیری خۆیان نەبردبوو، بۆیە هەمیشە پەنایان دەبردە بەر رزگارکەری خەیاڵی .

ئەم جۆرە بەهانا هاتنە ئەفسانەیەی فریادڕەس هەرکەسێك لەم سەردەمە بیری لێ بکاتەوەو پەنای بۆ ببات و چاوەڕوان بێت رزگاری بکات لە سنووری خەیاڵ تێپەڕ ناکات .

لەم سەردەمەدا کە تواناو هێزو بیری مرۆڤ لە لووتکەدایە مرۆڤەکان دەبنە فریادڕەس بۆ یەکتر، واتە مرۆڤ فریادڕەسی مرۆڤە، کە تۆی مرۆڤ دەستی هاوکاریت بۆ مرۆڤێکی بەلەنگازو لێقەماو درێژکرد ئەوە تۆی فریادڕەس، مەرج نیە هاوکاریکردن تەنیا لە رووی ( مادده ) بێت ئامۆژگاری و هاندان و رێپیشاندان وپێدانی سۆزو خۆشەویستی هاوکاریەکانی فریادڕەسن بۆ ئەو مرۆڤانەی کە پێویستیان پێیەتی .

مرۆڤ لەکاتی تەنگانەو پێویستی دا هاوار بۆ فریادڕەسێ دەکات، گەر کۆمەڵێك مرۆڤ یاخود دانیشتوانی وڵاتێك هاوار بۆ فریادڕەسێ بکەن کێ ئەبێتە فریادڕەسیان ؟ ئەی هاوار گەر ئەو فریادڕەسەی پەنای بۆ دەبردرێ بە فریای هاوار بێژان بچێت تووشی تەنگەژەو ئاریشەبوو هاوار بۆ کێ بکات و کێ دەبێتە فریادڕەسی ؟! .